# پرۆسەی دەنگدان یان شەڕ و پێکدادان!

ئیسماعیل بالیسانی
یەکگرتوو / بەریتانیا

رۆژی هەینی بەرواری (٢٠١٠/٣/٥) یەکەم رۆژ دەنگدان بوو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنی عێراقی لە تاراوگە.

وڵاتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا یەکێکە لە وڵاتانەی کە چوار بنکەی دەنگدانی گرتبووە خۆی، دوانیان لە شاری لەندەن و دانەیکیان لە شاری بێرمینگهام و ئەوی تریان لە شاری مانشیستر.

هەروەك بڕیار بوو کاتژمێر (٨)ی بەیانی بەکاتی بەریتانیا بنکەکانی دەنگدان بەڕووی دەنگدەران والا بێت، بەلام بەهۆی بوونی گرفتی ناسنامەی عێراقییەوە، هەروەك لە لایەن کۆمسیونی باڵا بڕیاری لەسەر درابوو بۆ هەر دەنگدەرێکی عێراقی دەبێت دوو بەڵگەنامەی بوونی عێراقی پێبێت یاخود دانەیەکی عێراقی پاڵپشت بە ناسنامەیەکی ئەم وڵاتەی تیای دەژیت هەبێت. ئەم گرفتە بووە هۆی دواکەوتنی دەنگدان لە بنکەی شاری بێرمینگهام بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێك دوواخرا. دوای ئەم دواکەوتنە و هاتنی کەمی دەنگدەر لە بەیانییەوە بەهۆی سەرقاڵی هاولاتیان بە کاری ئاسایی و رۆژانەی خۆیان لەم بنکەیە لە کۆی (١٥) وێستگە تەنها (٥) وێستگە بەڕووی دەنگدەرانەوە کرایەوە و، تا کاتژمێر (١:٣٠) دوای نیوەرۆ وێستگەکانی دیکەش وەك یەدەگ ئامادەکرابوون.

جێگەی باسکردنە وا بڕیاربوو لە بنکەی شاری بێرمینگهام (١٨) وێستگەی دەنگدان هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ماوەی چوار رۆژ بە بەردەوامی خولی راهێنانیان بەم کارمەندانە دابوو تا رۆژێك پێش دەنگدان لە پڕا بەهۆی دەستێوەردانی کۆمسیۆن و چەند لایەنێکی دیکەوە داوای لێبووردنیان لە هەندێك کارمەند کرد لەبەر نەبوونی ئاستی زانستیان کە زۆربەیان دەرچووی زانکۆ بوون بەشداربیان پێ نەکەن و، دەبێت وێستگەکان لە (١٨) وێستگە ببێتە (١٥) وێستگە -لەگەڵ ئەوەی کارمەندی وای تیایە کە خوێندەواری نییە!

کێشەی ناسنامە نەتوانرا چارەسەر بکرێت، ئەمەش وای لە دەنگدەران کرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە شوێنێکی دوور هاتوون ببێتە دەمەقاڵەیان لەگەڵ کارمەندانی عەرەبی کۆمسیۆن، کە کێشەیان بۆ دەنگدەری کورد دروست دەکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی شەڕ و پێکدادان و کورسی هاویشتن بەڕووی یەکدا، تا ئەو کاتەی پۆلیس تەداخولی کرد بۆ وەستانی ئەم هەڵلایە.

ئەم شەڕ و پێکدادانە بووە هۆی راوەستانی دەنگدان لەم بنکەیە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر تا ئاسایی بووە. لێرەدا جێی خۆیەتی گلەیی لە بەڕێوەبەر و جێگرەکەی بەتایبەتی (جەعفەر) ناوێك کە دەسەلاتی تەواوی پێدرابوو لە بنکەی بێرمینگهام هەر ئەمیش هۆی سەرەکی ئەم کێشەیە بوو کە روویدا بە قسەی ئامادەبووانی ئەم بنکەی بەتایبەتی لە ناسکترین کاتەکانی ئەم هەڵلایە لەجیاتی ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە خۆیان حەشاردابوو. ئەمەو لەگەڵ هاتنی بەڕێز (بەیان سامی عەبدولرەحمان) وەك نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا بەسەر کێشەکەوە، هاولاتیانی کورد گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان ئاراستەی نوێنەری حکومەت کرد بەتایبەتی لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە کوردستان، کە بەشداربوون و رازی خۆیان بەم بڕیارانەی کۆمسیۆنی باڵا لە عێراقدا دەربڕی کە دەیانزانی ئەم بڕیارانە کێشەی بۆ رەوەندی کورد دروست دەکات لە تاراوگە. بەڕێز (بەیان سامی عەبدولرەحمان) نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا وتی: "بەدوای کێشەکاندا دەچین و چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە". بەلام بەداخەوە چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەی لە لایەن نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا، دەنگدەرانی کوردی ئەم بنکەیەی زیاتر تووڕە کرد و بە هاوارکردن و وتنەوەی وشەی (گەندەڵە.. گەندەڵە) نوێنەری حکومەتیان بۆ دەرەوەی بنکە بەڕێکرد.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی قەوارە سیاسییەکانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یەك هەڵوێست بوون و بەدوای چارەسەرکردنی رۆیشتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بنکەکە، تا گەیشتنە ئامانج و رەزامەندی وەربگرن کە دەنگدەر بۆی هەیە بە دوو ناسنامەی بەریتانی -کە عێراقیبوون و پارێزگاکەی بسەلمێنێت- بتوانێت دەنگی خۆی بدات، هەر بۆیەش لە دوای نیوەڕۆ تارادەیەك بنکەی دەنگدان ئارامییەکی بەخۆیەوە بینی و دەنگدەری کورد توانی بە ئازادانە دەنگی خۆی بدات. جێی وەبیرهێنانەوەیە تا دواخستنی کاتی دەنگدان لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە بەکاتی بەریتانیا ئاڵوزی و نائیدارەییەکی تەواو بە بەڕێوەبەرانی بنکەکەوە دیاربوو. هەر بۆیەش هاولاتیانی کورد لەم بنکەیە گلەییەکی زۆریان لە ئیدارەی بنکەکە و لە حکومەتی هەرێم هەبوو و هیوایان خواست کە هاولاتی کورد لە کوردستانی ئازیزمان بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بەرەو بنکەکانی دەنگدان بچن، تا بتوانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و چیتر رێگە بە گەندەڵ و دزەکان نەدەن حکومەت و وڵاتەکیان بەڕێووە ببەن.



# پرۆسەی دەنگدان لە وارماوا و دەوروبەری چۆن بەڕێوە چوو؟!

وەك چاوەڕوان دەکرا رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە سنوری شارەزوور و ناحیەی وارماواش کە حەوت بنکە و چل و سێ وێستگەی دەنگدانی لەخۆ گرتبوو، کاتژمێر حەوتی بەیانی دەنگدان دەستی پێکرد. ئەوەی وەك راگەیاندکارێك لە رومالی پێنج لەو بنکانەدا هەست پێدەکرا لەگەڵ ئەوەی رووی ئارامی و هێمنییەوە تا رادەیەکی باش ئاسایی بەڕێوە دەچوو، بەلام چەند حاڵەتێك لەو بنکانەدا روویان دەدا کە مایەی هەڵوێستە لەسەر کردن بوون و رێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی هاولاتیان ناچار بکەن و نەتوانن بەئازادانە دەنگی خۆیان بدەن، لەوانە:

١ ـ هەر لە دەرەوەی بنکەکان کەسانی سەر بە دەسەلات لەسەر کۆلان و کوچەکان وەستا بوون و رێیان بە خەڵکی دەگرت و وەرەقە و لۆگۆی لیستەکەیان دەدانێ و داوایان لێ دەکردن دەنگ بە لیستی دەسەلات بدەن.

٢ ـ کۆمەڵێك کچ و کوڕی گەنجیان ئامادە کردبوو تا پیر و نەخوێندەوارەکان بەرنە ژوورەوە و دەنگیان پێ بدەن.

٣ ـ ئەوەی تێبینی دەکرا هەر لە سەرەتای بەیانیەوە چەند هاولاتیەك بە پێناسی خانەنشینی و هەویەی فەرمانگەکانەوە دەنگیان دا، بێ ئەوەی ئەو پێناسانەیان پێ بێت کە کۆمسیۆن داوای کردبوو.

٤ ـ لە بنکەی (کاروان)ی ناحیەی وارماوا بە نارەحەتی رێگەیان پێدا ین بچینە بنکە و وێستگەکانەوە و، کاتێکیش رازی بوون بەڕێوەبەری بنکە بەو مەرجە ڕازی بوو وێنە نەگرین بەو بیانوەی لەسەر بڕیاری کۆمسیۆن بردنە ژوورەوەی کامێرا قەدەغەیە، لە کاتێکدا ئەو بڕیارە بۆ هاولاتیانە نەك راگەیاندنەکان کە لە لایەن کۆمسیۆنەوە باجی رێگەپێدانیان بۆ کراوە. سەرەڕای ئەو بڕیارەش لە قوتابخانەی کانی میللی ناحیەی وارماوا مەلایەکی ئایینی ناوچەکە کە سەر بە دەسەلاتە کامێراکەی دەرهێنا و لە وێستگەکەیدا چەند وێنەیەکی بۆ (یادگاری) گرت.

٥ ـ ئەوانەی وەك نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باجیان بۆ کرابوو ئەندامانی کۆمیتە و ناوچە بوون و لە هۆڵەکاندا بەئاشکرا لەگەڵ دەنگدەراندا دەمەتەقێیان دەکرد و داوایان لێ دەکردن کە دەنگ بە دەسەلات بدەن و کارمەندانی کۆمسیۆنیش بێتوانا بوون لە بێدەنگ کردنیان. کاتێك لە یەکێکیانم پرسی بۆ وادەکەن؟ وتی: "ئێمە سێ هەزار خانەنشین و مووچە خۆرمان هەیە دەبێ بیریان بخەینەوە دەنگ بە کێ دەدەن".

٦ ـ لە بنکەی (قەرەگۆل)دا نوێنەرانی کۆمسیۆن نەیاندەتوانی زاڵبن بەسەر رێکخستنی هۆڵەکاندا و دەنگدەران پاش دەنگدانیش لە ژوور و رێڕەوی هۆڵەکان دەمانەوە و بەرپرسی کەرتی ژنانیش بێ باج لەگەڵ ژنانی ناو هۆڵەکەدا لە وتووێژدابوو و پێی نەدەوترا چەندت بەچەند د. هەروەها لە چەند بنکەیەکی تریشدا چەند کەسێکی تر بێ باج لە هاتووچۆدا بوون.



# (هەموو لیستەکان خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن)

## مامۆستا سەلاحەدین وتی: خەڵکی کوردستان بەشی هەموومان دەکات..

فەهمی حەمە تۆفیق

پاش دەرچوونی ئەنجامە بەراییەکان و ئەو ژمارانەی لەلایەن نوێنەری لیستەکانەوە گەیشتن و لای خۆیانەوە راگەیاندنی هەر لیستێك بلاوی کردنەوە، بینیمان هەموویان دەستیان کردووە بە هەڵپەڕکێ و شادی و خۆشی دەربڕین و جەماوەرەکانیان دڵخۆشن بە ئەنجامەکان، ئەگەرچی هەر لیست و لایەنێك لای خۆیەوە نیگەرانە لە هەندێ دەرئەنجامی ناوچە جیاوازەکان، بەلام بەگشتی پێی خۆشحاڵن و کورد وتەنی تەپڵی سەرکەوتن لێدەدەن، وەك بینیشمان تەقەی بەناو خۆشیشی لێ کەوتەوە لەلایەن پارتە دەسەلاتدارەکانەوە، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەکانەوە و لە ساڵیادی شانزەهەمین راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا (مامۆستا سەلاحەدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتوو داوای لە سەرجەم لایەن و لیستە رکابەرەکان کرد کە پەنا نەبەنە بەر خروقات و تەزویر و کاری توندوتیژی و هەڵمەتی ناتەندرست و نایاسایی، تا پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت، چونکە وەك بەڕێزی وتی "جەماوەری کوردستان زۆرە و بەشی هەموومان دەکات". ئەوەتا هەر لایەنێك بەشی خۆی بەرکەوتووە و پێی خۆشحاڵە، کەواتە جێی خۆیەتی هەر لایەنێك بە هێندەی قەبارە و توانا و سیاسەت و بەرنامەی سەرکەوتووی خۆی بۆ سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پرۆسەکە بڕوانێت، ئەوکات دەردەکەوێت سەرکەوتنی لە کوێیە و سەرنەکەوتنی لە کوێ.

لیستی هاوپەیمانی کوردستان لای خۆیەوە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت، چونکە زۆرینەی دەنگ و کورسیەکانی بردۆتەوە، لە ناویشیدا هەریەك لە دوو پارتە گەورەکە (پارتی و یەکێتی) بەجیا خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانن، بەتایبەت (پارتی) بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکانی لە هەولێر و دهۆك و (یەکێتی)ش بۆ سەرکەوتنی کاندیدەکانی لە کۆی گشتی پارێزگای سلێمانی و کەرکوکدا، پاش ئەوانیش (گۆڕان) ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆی دەگێڕێت، چونکە وەك ئاشکرایە لەناو شاری سلێمانیدا سەرکەوتووە و ئەوەشی بەلاوە زۆر گرنگە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی لە کۆی گشتی پارێزگاکاندا بە کەم نازانێت. لە پاش ئەوان لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووش خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت لە چەند روویەکەوە لەلایەن ژمارەی دەنگەکانی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمیشدا بەشێوەیەکی بەرچاو و لە هەندێك ناوچەشدا دوو ئەوەندەی پێشر زیاتر زیادی کردووە، لەلایەکی ترەوە وێڕای ئەوەی پێنج کورسی پەرلەمانی هەبوو، ئێستا زیاتر لەوەی بەدەستهێناوەتەوە و تا نووسینی ئەم بابەتە ئەگەری حەوت کورسی هەیە، لە کاتێکدا نرخی کورسی زۆر زیادی کردووە، ئەم ژمارەیەش دابەش بووە بەسەر سەرجەم ناوچەکانی جەماوەری لیستی یەکگرتوودا بە کەرکوکیشەوە، کەواتە ژمارە و رێژەی جەماوەری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان زۆر هەڵکشاوە. لە پاش ئەمانەش لیستی (کۆمەڵ)ـە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت، چونکە پێشتر تەنها کورسییەکی لە بەغدا هەبوو و ئێستا دوو کورسی بەدەستهێناوە، لەوە گرنگتریش دەرچوونی مامۆستا (عەلی باپیر) ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە لە سنوری هەولێر، کە گرنگترین کاندید بوو بەنیسبەت ئەو لیستەوە.

لێرەوە دەرئەنجامی کێبڕکێی چوار لیستی کوردی بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی داهاتوودا هەر چوار لیستەکە سەرکەوتوو بوون، تەنها ئەو لایەنانە نەبێت کە لەناو لیستی هاوپەیمانیدا بوون بێجگە لە پارتی و یەکێتی، واتە وتەکەی جەنابی ئەمینداری گشتی زۆر راست بوو کە دەیوت: "جەماوەری کوردستان زۆرە و بەشی هەموومان دەکات". ئیتر چ پێویست بە گرتنەبەری رێوشوێنی نایاسایی و توندوتیژی دەکات بۆ زیاد و کەمکردنی چەند دەنگێك، وەك لە هەندێ ناوەندی کوردستان لە کاتی بانگەشە و ئەنجامدانی پرۆسەکە لە (٣/٧)دا بینیمان.

دەخوازین ئەم سەرکەوتنانە ئەوەمان بێنێتەوە پێش چاو کە سەرکەوتن سەرکەوتنی پرۆسەکە و دڵخۆشبوونی جەماوەرە بەگشتی، نەك سەرکەوتنی لیستێك بە چەند کورسیەك بەسەر لیستێکی تردا بە گرتنەبەری رێگای نادروست.. هیواداریشین ئەم واقیعە ببێتە وانەیەك تا لە پرۆسەکانی داهاتوودا باشتر سوودی لێ وەربگرین و، بیر لە هیچ جۆرە تەزویر و پێشێلکاری و رێگایەکی توندوتیژی نەکرێتەوە، لەگەڵ هەر شێوازێك کە پرۆسەکە و هەرێمەکە رەش و ناشیرین بکات، وەك دەبینین لێرە و لەوێ هەندێ هەوڵی لەو جۆرە درا.

بەهیوای یەك هەڵوێستی و سەرکەوتنی خواستەکانی کورد لە داهاتووی عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەراندا.